# مریشك لـه هێلـکـەیە؟ یان هێلـکـە لـە مریشك!

# پەرلـەمان لـە سەرۆکە؟ یان سەرۆك لـە پەرلـەمان!

## نەوزاد وەلی

ئەو سەرباسەی سەرەوە پەند و مەتەڵێکی کوردییە و لـە کاتی ناڕوونیی بنەمای کێشەیەکی ئاڵۆزدا بەکارئەهێنرێت. لـە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانیشدا و لـە کێشەی نرخدانەنان بۆ پەرلـەمان و بڕیزیی پێکردنی و سەپاندنی سەرۆکێك بە سەر پەرلـەمان و گەلـدا ، کتومت وەك ئەو پەندەیە و جەماوەری کلۆڵی کوردیش نازانێت: ئایا سەرۆك سەر بە پەرلـەمانە؟ یان پەرلـەمانی هەڵبژێرراوی گەل ، سەر بە سەرۆکە؟

ساڵی 1973 لـە کۆڕێکی عەسراندا لـەبەر ماڵی دکتۆر شۆ ئەحمەد شوکری دا (یادی شادبێت) ، وەك زۆر جار دراوسێکانی هاوتەمەنی ویستیان بیبزوێنن و بەڵکوو شیعرێکی توڕەیی سەرپێیی بڵێت! بێگومان دکتۆریش بە شیعرەکانیدا دەرئەکەوت کە توڕەیە یان نا! سەریان کردە سەر و دەستیانکرد بە پیاهەڵدان بە شانوباڵـی دەسەڵاتە حوکمی زاتیەکەی ئەو سەردەمەی پارتیدا و پاکانەکردن و ڕەوایەتیدان بە گرتن و کوشتنی شیوعیەکان و .. تد.

بۆیە ئەویش بێدەنگی کردن و وتی:

ئەمە باڵـم ، ئەوەش هەردوو لاقم

ئەم کوردە یەکناگرێت بە تەلاقم!

ڕۆژگار هات و ڕۆیشت و ئەو دێڕە شیعرەی نەمر دکتۆر شۆ ڕۆژبەڕۆژ بەرجەستەتر ئەبووە و ئەبێتەوە! تەنانەت بارودۆخەکە بە ئاستێك گەیشتووە کە ئەمڕۆ ئەشێت پیاوی (تەلاقخۆر) هەرسێ تەلاقەکەی بخاتەسەر!

یەکگرتنەوەی دوو حیزبدەسەڵاتەکە[1] ، لـە خەو و خەیاڵ زیادتر ، هیچی تر نیە! ئەوانەش کە باوەڕیان بە یەکگرتنەوەیەکی ئاسان و بێمەرج هەیە! ئەوا بەوپەڕی ڕێزەوە ، کەسانێکن کە زیادتر باوەڕیان بە بورجەکان ، سیحر و جادوو هەیە وەك لـە سیاسەت و ڕۆشنبیریی!

کورد ئەڵێت: برامان برایی ، کیسەمان جیایی!

دوو حیزبدەسەڵاتەکە تەواوی خاکی نیشتمان و گەلـەکەیان بە شەریکیی بەشکردووە ، بەڵام چل و یەك دانە ساڵـە تەنیا پارە و دەسەڵات بەشناکەن!

ماوەیەکە ڕۆشنبیران و ڕۆڵـە بەئەمەکەکانی گەلـەکەمان هاواری ئەوە ئەکەن کە پەرلـەمانە تازەکۆنەکە بخرێتەوەگەڕ.

ئەگەر چی ئەو ناڵـە و هاوارانە لـە دڵسۆزییەوەیە ، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان ئەو ڕاستییە نازانن کە ئەو پەرلـەمانە ، نە ئەوسا و نە ئێستاش ڕەوایەتی نەبووە و نیە!

پەرلـەمان دەزگایەکی پیرۆزە و نیشانەی گەشەکردوویی کۆمەڵ و پێگەیشتوویی دیموکراتییە ، بەڵام پەرلـەمانێك کە وەك دوکانێك ، کلیلـی دەرگاکەی لـەلای خاوەنەکانی دوو حیزبدەسەڵاتەکان بێت ، چ سودێکی هەیە؟

هەر کاتێك ئارەزوویان هەبێت ، بە ئاسانیی ئەیکەنەوە و هەر کاتێکیش لـەسەر پارە و دەسەڵات ڕێکنەکەون ، هەر بەو ئاسانییەش دایئەخەنەوە!

پەرلـەمانێك کە خاوەنی دەستوری خۆی نەبێت ، خاوەنی بڕیاری خۆی نەبێت و لـە سەرکردەی دوو حیزبدەسەڵاتەکەوە بڕیاری بۆ بێت و لـە هەمان کاتیشدا دوو ئەندامی (بێدەسەڵاتی) مەکتەبی سیاسی دوو حیزبدەسەڵاتەکە سەرۆکی پەرلـەمان

بن! و بە میزاجی دوو سەرۆکی دوو حیزبدەسەڵاتەکە و ڕێککەوتنە ففتیی ففتییە نهێنییەکانیان ، بکرێتەوە و دابخرێت! بوونی پەرلەمانێکی وا ، چ سودێکی هەیە؟

پەرلەمانێك بەو جۆرە بێت ، بوونی زیانی زۆرترە وەك لە نەبوونی! چونکە خەڵکەکە باوەڕیان بە دیموکراتیی و سیستمی پەرلەمانیی نامێنێت ، لە هەمان کاتیشدا سوکایەتییەکی مەزنیشە کە بە وشەی پەرلەمان و پەرلەمانتارەکان ئەکرێت!

ئەگەرچی دەمێکە پەرلەمانەکە ئەتککراوە و ئەو سوکایەتییەی پێکراوە! بەڵام ئەبووایە پەرلەمانتارەکان بەو سوکایەتییە ڕازیی نەبوونایە و دەستکێشانەوەیان ڕابگەیاندایە و پەرلەمانی ئەوروپا و دنیایان بەو سوکایەتییە ئاگاداربکردایە!

گرفت و کلۆڵییەکەی ئێمە لەوەدایە کە پەرلەمانتارەکانیش ، یەکدوو کەسیان نەبێت! بەگشتیی هەر (پیاوانی) ئەو دوو حیزبدەسەڵاتە و کۆلکە حیزبە پەراوێزەکانیانن! بۆیە تا ئەو دوو حیزبدەسەڵاتە بەم شێوەیەی ئەمڕۆیان هەبن ، ئەوا هیچ پەرلەمان و حکومەت و دەزگایەك ، خێرێکیان بۆ گەل و نیشتمان نابێت.

لە سیستمی پەرلەمانییدا ، پەرلەمان یان ڕاستتر ، پەرلەمان لە ڕێگای کۆمیتە یاساییە تایبەتییەکانی ناو پەرلەمانەوە ، دەستور و دەسەڵاتە هەمەجۆرەکان دیارییئەکات ، بەڵام لەلای ئێمەی کورد هەموو شتێك ئاوەژوو بووەتەوە و سەرۆکی حیزبێك دەسەڵاتی سەرۆکایەتی خۆی و ڕەوایەتی و چارەنوسی پەرلەمان دیارییئەکات!!!

زۆرانبازیی و پێشبڕکێی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بیروباوەڕەکان بە شێوەیەکی دیموکراتییانە ، مەرجی سەرەکیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگایەکی شارستانیی و تەندروستە.

لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا کە هۆش و لۆجیك سەروەرن ، پەرلەمانیش سەنگی محەکە و ئەو زۆرانبازیی و پێشبڕکێیەی نێوان لایەنە سیاسیەکان ڕێکئەخات ، بەڵام لەلای ئێمە چونکە هیچ شتێك نیە لە سەرووی سەرۆك حیزبەوە بێت! هەر بۆیە پەرلەمانیش هەر وەك دەزگایەکی تری ناوەوەی حیزب سەیر ئەکرێت و لە باشترین حاڵەتیشدا وەك ئارایشتێك بۆ ڕووسپیکردنی سەرۆك حیزب و دەسەڵاتەکەی بەکارئەهێنرێت لە ئاستی دەرەوەی کوردستاندا!

لێرەدا چەند پرسیارێکی ڕەوا دروستبووە و ئەبێت ئاراستەی ئەو کەسانەی بکەین کە سەربە ئەو دوو حیزبدەسەڵاتەن و لە هەڵبژاردنەکەدا دەنگیاندا بۆ لیستی چێشتی مجەوری کوردستانییەکە! بەتایبەتیی ئەو کەسانە کە تا هەفتەیەکیش دوای هەڵبژاردنەکە هەر خەریکی (کەرنەڤاڵی) هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا و (سەیرانبازیی) [2] بوون!

ـ ئایا ئێوە هەست بەوە ناکەن کە دەنگتان دزراوە و خوراوە؟

ـ ئایا بیرتان لەوە کردووەتەوە کە تەنیا جارێك بچنە بەر بارەگای سەرۆکایەتی دوو حیزبدەسەڵاتەکە و داوای دەنگە دزراو و خوراوەکانتان بکەنەوە؟ یان داوایان لێبکەن کە ڕێز و نرخ بۆ دەنگەکانتان دابنێن؟

ـ ئایا لە هەڵبژاردنی ئایندەشدا هەر بە هەمان شێوە دەنگئەدەنەوە؟

بەڵێ .. کارێکی مرۆڤانەیە کە ئەو جۆرە کەسانە بە خۆیاندا بچنەوە و وەڵامی ئەو پرسیارانەیان لەلا دروستببێت ، بەڵام ئەزمونی ئەم دەیان ساڵە ئەو ڕاستییە تاڵەی دەرخستووە کە جەماوەری ئەو دوو حیزبدەسەڵاتە ، هەر لە لامەرکەزییەکەی شەست و شەشەوە و بە یانزەی ئاداری حەفتاوە و تا ئەم سەردەمەش ، هەمیشە بە دەهۆڵ و زوڕنای حیزبەکانیان و سەرۆکەکانیان ، هەڵئەپەڕن و (کەرنەڤاڵ) ئەگێڕن!

بە دوریشی نازانم کە ئەگەر چوار مانگی تریش کردنەوەی پەرلەمان دوابخرێت و هەر کاتێکیش و بە هەر شێوەیەك بکرێتەوە! ئەوا ئەو جەماوەرە حیزبییە هەر ئامادەن بۆ هەڵپەڕکێ و کەرنەڤاڵ و (سەیرانبازیی)!

ئەی کوردە نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر و بە ویژدانەکان ، چاوێك بخشێننەوە بە مێژووی خوێناوی گەلەکەتاندا و بۆ تەنیا جارێك بڕیارێکی جەرگبڕانە بدەن!

دە با ئەو ڕاستییەتان لەلا گەلاڵە ببێت کە لە سەردەمێکی نوێی ژیانی مرۆڤایەتی و گڵۆڵەدا [3] ئەژین!

دە با ئەو ڕاستییەتان بۆ دەربکەوێت کە ئەو دوو حیزبدەسەڵاتە ، لەسەر هەموو شتێکی کوردستان ڕێککەوتوون و وەك برا بەشیانکردووە ، تەنیا پارە و دەسەڵاتەکەیان نەبێت!

دە با ئەو ڕاستییە جەرگبڕەتان بۆ دەربکەوێت کە تا ئەو دوو حیزبە ، خاوەن دەسەڵات بن ، هەرگیز ڕێکناکەون!

دە با هەموو ڕۆڵەیەکی ئەم گەلە ستەمدیدەیە ئەو ڕاستییە بزانێت کە ئەوە تەنیا گەلە ئەتوانێت خێڵ و حیزب لە دەسەڵات جیابکاتەوە و یاسا و پەرلەمان سەروەربکات و ڕێز بۆ گەل و نیشتمان و دەزگاکانی دابنرێت!

دە با جەماوەری گەلەکەمان بڕیارێك بدات و (ژەنگ و چڵکی) دەیان ساڵەی ئەو دوو حیزبدەسەڵاتە و کۆلکە حیزبە پەراوێزەکانیان هەڵبوەرێنێت و پشت بکاتە حیزبایەتی تەسك و خێڵەکیەتی و بەرژەوەندپەرستیی و هەموومان پێکەوە بتوانین کۆمەڵگاکەمان چەند هەنگاوێك بەرەو شارستانیی سەردەم ببەین.

دە با جەماوەری گەل بڵێت (دە بەسە) و سنور و ماوەیەك دابنێت بۆ (قۆنتەراتی) ئەو دوو حیزبە بەسەر دەسەڵات و سامان و دۆزی گەل و وڵاتەکەماندا!

2005-5-29

1 ـ حیزبدەسەڵات: مەبەستم لە توانەوەی حیزب و دەسەڵاتە لەناو یەکتردا کە نامرۆڤانەترین شێوەی دەسەڵاتە ، وەك لە وڵاتە کۆنە سۆشیالیستییەکان ، وڵاتانی ئیسلامیی و عەرەبیی و جوتە حکومەتەکەی باشوری وڵاتەکەی خۆمان.

2 ـ سەیرانبازیی: کە لە ڕێی تێلێڤیزیۆنەکانی دوو حیزبدەسەڵاتەکەوە ، سەیری (کەرنەڤاڵەکان)ی هەڵبژاردنەکەی عێراق و سەرۆکایەتیەکەی تاڵەبانیم ئەکرد و جرتوفرتی بەرپرسەکانم ئەبینیی! ئەو جۆرە سەیرانانەم لەسەر کێشی (قوماربازیی و شتی تر..بازیی) ناونا سەیرانبازیی!

3 ـ گڵۆڵە: گلۆباڵیزم